ئاسایشی هەولێر:چەند تەمەتبارێک هەستابون بە تێکدانی رێنگی سەوز لەگەڵ زەیتی ئاسایی و وەک زەیتی زەیتونی سروشتی فرۆشتبویان.



بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر رایگەیاند، تیمەکانی بەدواداچون بۆ خراکی خراپ بۆ هەماهەنگی لەگەڵ تیمەکانی ئاسایش لە هەولێر دەستیانگرت بەسەر کۆگایەکی زەیتی زەیتونی ساختە، چەند تەمەتبارێک هەستابون بە تێکدانی رێنگی سەوز لەگەڵ زەیتی ئاسایی و وەک زەیتی زەیتونی سروشتی فرۆشتبویان.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر لە راگەیەنراوەکدا باویکردوە، لەلایەن تیمەکانی بەدواداچون بۆ خراکی خراپ و ماوەبەسەرچوی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش و بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەکانی قایمقامییەتی قەزای ناوەندیی هەولێر و کوالێتی کۆنترۆڵ، دەستیان گرت بەسەر کۆگایەکی (ڕەنی زەیتی زەیتون)ی ساختە و بە مەبەست.

ئاماژە بەوەشکراوە، لەم کۆگایەدا رەنی زەیتی ئاسایی هاوردەکراوە و بە ڕێگایەکی ساختە و بە بەکارهێنانی ڕەنگی سەوز، ڕەنگی زەیتەکیان گۆڕیوە و کردویانە بە زەیتی زەیتونی سروشتی و لە تەنەکەی تایبەت کراوە و لەگەڵی ساختەی پڕۆ کراوە، کە گوایە زەیتی زەیتونی سروشتییە، بەنیازبون لە بازاڕەکاندا بە زەیتی زەیتون و بە نرخێکی گران بیفرۆشنەوە بە هاوڵاتیان.

لە راگەیەنراوی ئاسایشی هەولێر ئەوەشخراوەتەو، بەیە تیمەکانی ئاسایش دەستیان بەسەر کەگاکە و سەرجەم کەلوپەلەکاندا گرت و ڕەکاری یاسایی بەرامبەر ئەو کەسانەی لەو کەگایە کاریانکردوە گیرایەبەر.